www.kurdistannet.org
15/07/2003 12:11

به ناوی کوردستانی گەورە !

# " سەنتەری کەلتووری " یا "ناوەندی فەرهەنگی" ؟

ح. س. سۆران
soran909@hotmail. com
٢٠٠٣/٧/١١

لە سەردەمی ئێستا دا، تەواوی نەتەوەگەل، لە هەوڵی ئەوەدان کە زمانی بیانی لە زمانی خۆیان دابێژن و وشــەگەلی لاوەکی بژار بکەن، کە یەکێک لەوانە خودی گەلی کوردە. بۆ وێنە، هەر لە نیو سەدەی رابوردو دا، کــاری بژارکــردنی جــاڕی زمــانی کوردی بە هۆی زمان ناسان و رووناکبیرانی خۆماڵی، بە چەشنێکی شــێلگیر ئەنجام دراوە، کە بەڵگەی ئەم رووداوە، ئەو گشتە وشە و ناوە رەسەنە کوردیە یە، کە ئێستا لە زمانی کوردی دا، دەیان بینین و بە کارێکی زۆر پێویست و پیرۆزیش دەزانرێ.

بەڵــام بــە داخــەوە، لــە زمــانی کــوردی دا، چەشنە وشەگەلێکی بیانی فەرەنگی هەن، کە بێجگە لەوەی عەرەبێنــراون (تەعــریب کــراون) و بــە هەڵە دەر دەبرڕێن، ئێستاش هەر لە زمانی کورد دا بەکار دەبرێن. کەچی بۆ ئەم وشانە، وشەی زۆر رەسەنی کوردیمان هەیە.

وەک مشێک لە گشتێک، یەکێک لەو وشە زەقانە، وشەی " سەنتەر " و یەکێکی دیکە وشەی " کەلتووری " ە. کــە بــۆ وشــەی ســەنتەر یا بە عەرەبی خەست " سەنتەڕ "، وشەی رەسەنی " ناوەند " و بۆ وشەی " کەلتووری "، وشەی هەرە کوردی " فەرهەنگی " مان هەیە، کە تەنانەت چوەتە نێو زمانی فارسیشەوە.

تــازە هــەر وەک وتم، ئــەم وشــانە کــە فەرەنگین، عەرە بێنراون ۆ دەنا ئەسڵی دەربڕینی فەرەنگیەکەیان دەبێــتە " ســانتر " و " کولــتوور ". دیــارە ئەم وشانە، تەنیا نین و وشەی فەرەنگی دیکەی وا، لە زمانی کوردی دا زۆرن، کە پێویستە ئەوانیش بژار بکرێن.

بەڵــام بە بیر و رای من، ئەرکی سەر شانی تەواوی مامۆستایان، زانایان، نووسەران، هۆنەران، ئەهلی کیــبۆرد (قەڵەم)، رووناکبیران و ناوەندە فەرهەنگی (نەک سەنتەڕە کولتووری) ە کان ئەمەیە، کە لە بژار کــردنی زمــانی بــیانی دا، تــۆفیری ئەوە نەخەن کە ئەو وشە لاوەکیە بژارە، عەرەبیە، ترکیە، فارسیە، فەرەنگیە یا شتی *دکەیە* - لاوەکی لاوەیکە.

بەڵــام لێــرەدا، پێویســتە ئەمــەمان لە بەرچاوبێ، کە هەر وشەیەکی هاوبەشی کوردی و فارسی، فارسی نــیە، بــە لــکە وەک تــێۆریەک " وشــەگەلی هاوبەشــی رەســەنی کوردی و فارسی، لە زمانی کوردیەوە چــوونەتە نــێو زمــانی فارســی ". بەڵگەشم بۆ ئەم وتەیە ئەمەیە، کە گشتمان دەزانین، زمانی کوردی لە زمــانی فارســی کۆنترە و قەت شتی کۆنە لە تازەوە سەر چاوەی نەگرتوە - یانی زمانی تازەی فارسی لە زمــانی کــۆنی کــوردی جوێ بوەتەوە، بە واتایەکی دیکە، زمانی فارسی، یەکێک لە لقە تازەکانی زمانی کــوردی کــۆنە. بــۆ وێــنە، هــر گیــز وشەی "دەست " (دەس)، یا وشەی" سەر"، لە دەشتەکانی تەختی جەمشــیدەوە، نەهاتــونەتە شــاخە ســەختەکانی هەورامان، بەڵکە ئەم چەشنە وشانە، هەزاران ساڵە لە هــەورامان بــە چەشــنی سوروشتی دروست بوون، لە سەر بەردەنووسەکان هەن وئێستاش هەر ماون. ئەم شــتە لــە زمانی ئینگلیسی شدا هەیە، بۆ وێنە کەس ناتوانێ بڵێ زاراوەی ئینگلیسی لە زاراوەی ئامریکایی جوێ بوەتەوە - هەمیشە شتی تازە لە شتی کۆنە جوێ دەبێتەوە.

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی حاوەنەکەیەت، کوردستان نێت لە ناوەرۆکەکەی بەرپرسیار نییە.